# قەرزی ئامرازی ماڵ

**FAKTABLAD CSN SORANI**

## ئایا چ کەسێک بۆی هەیە پارەی قەرز بکات و بۆ چ شتێک؟

پەنابەران و هەندێک بیانیی دیکە دەتوانن داوای قەرز بکەن بۆ ئامرازی ماڵ بۆ ئەوەی بتوانیت قەرز وەرگریت بۆ نموونە دەبێت پێشوازی پەنابەران ئەتۆ بگرێتەوە یان ناوت هەبێت لای بنکەی کاردیتنەوە و مافی وەرگرتنی قەرەبووی بناغەڕێژیت هەبێت. ئەتۆ هەروەها دەبێت تەمەنی ١٨ساڵت پڕ کردبێتەوە لە کاتێک ئەتۆ یەکەم جار لە شارەوانیەک وەرگیرایت .

قەرزەکە بۆ ئەوەیە کە ئەتۆ ئامرازی ئاشپەزخانە و مۆبل و ئی تریشی پێ بکڕیت. پارەکە نابێت بەکار بێنیت بۆ نموونە بۆ خۆراک و کرێی خانوو.

## ئایا ئەمن کەی دەتوانم قەرزەکە وەرگرم؟

ئەتۆ دەتوانیت داوای قەرزەکە بکەیت ئەوپەڕی درەنگی دوو ساڵ لەو کاتەوە ئەتۆ یەکەم جار لە شارەوانیەک وەرگیرایت. ئەوە هەر هەمان شتە ئەگەر ئەتۆ داوای پارەی ئیزافە بکەیت بۆ قەرزی پێشوو.

## ئایا بۆم هەیە چەنێک پارە قەرز بکەم؟

چەنێک پارە دەتوانیت قەرز بکەیت پەیوەندی هەیە بە گەورەیی بنەماڵەکەت، ئەگەر منداڵتان هەیە لە بنەماڵەکە، ئەگەر ئەتۆ خانووەکە بە مۆبل بە کرێ دەگریت یان بە بێ مۆبل، یان ئەگەر ئەتۆ لای کەسێک دەژیت. ئەتۆ هەمیشە دەتوانیت بڕێکی کەمتر قەرز بکەیت تا ئەوپەڕی زیادی. ئەگەر ئەتۆ پێکەوە لەگەڵ کەسێک دەژیت بە شێوە هاوسەرێتیی ڕەسمیی (مێرد، هاوسەر، هاوژین یان هاوڕێی ژیان) ئێوە دەبێت پێکەوە لەگەڵ یەکتر داوای قەرزەکە بکەن. ئەو کاتە ئێوە پشتگیرانە دەبنە بەرپرسی قەرزەکە، کە بە مانای ئەوەیە کە هەر دووکتان پێکەوە بەرپرسی دانەوەی قەرزەکەن. ئەو بەرپرسیاریەتان هەر لەسەر دەمێنێت پێکەوە، تەنانت ئەگەر ئێوە دواتر لە یەک جیا بنەوە و لە لای یەکتر بگوێزنەوە.

| ژمارەی کەس | بێ مۆبل ئەوپەری زیادی کرێچی | بە مۆبل ئەوپەڕی |
|---|---|---|
| ١ گەورەساڵ | ١٠٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ١ گەورەساڵ + ١ منداڵ | ٢٠٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ١ گەورەساڵ + ٢ منداڵ | ٢٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ١ گەورەساڵ + ٣ منداڵ | ٣٠٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ١ گەورەساڵ + ٤ منداڵ یان زیاتر | ٣٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ٢ گەورەساڵ | ١٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ٢ گەورەساڵ + ١ منداڵ | ٢٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ٢ گەورەساڵ + ٢ منداڵ | ٣٠٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| ٢ گەورەساڵ + ٣ منداڵ یان زیاتر | ٣٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ |

## ئایا ئەمن چۆن داوای قەرزەکە دەکەم؟

ئەتۆ بە هاسانترین شێوە لە ڕێگای داوا کردنی یارمەتی لە. کارمەندی ڕاپەڕێنەرت لە بنکەی کاردیتنەوە یان لە پێشوازیی پەنابەرانی شارەوانی داوای قەرزەکە دەکەیت.

کارمەندی ڕاپەڕێنەرت یارمەتیت دەدات بۆ پڕ کردنەوەی داواکە و زانیاریت پێ دەدات لەبارەی یاساکانی قەرزەکە. کارمەندی ڕاپەڕێنەرت دواتر داواکە دەنێرێت بۆ سی ئێس ئێن (CSN).

## ئەمن پێشتر قەرزێکم وەرگرتووە، ئایا بۆم هەیە پارەی زیاتر قەرز بکەم؟

ئەتۆ دەتوانیت داوای قەرز کردنی پارەی زیاتر بکەیت ئەگەر

- ئەتۆ پێشتر بڕێکی کەمترت قەرز کردبێت تا ئەوەی کە هەقت هەیە
- ئەتۆ دەگوێزیتەوە لە شوێنێک کە. کرێنشین بوویت لەگەڵ کەسێك یان لە خانوویەکی بە مۆبل بۆ خانوویەکی بێ مۆبل
- بنەماڵەکە منداڵێکیان دەبێت کە لە سوید لە دایک دەبێت
- خزمێکی نێزیك، کە پێشوازیی پەنابەری کۆمون ئەویش هەروەها دەگرێتەوە یان قەرەبووی بناغەڕێژی وەرئەگرێت، دێت بۆ سوید. مێرد، هاوژین و منداڵ لە ژێر ٢١ ساڵ وەک خزمی نێزیك حیساب دەکرێن.

ئەگەر ئەتۆ پێکەوە لەگەڵ مێردەکەت، ژنەکەت یان هاوژینەکەت پارە قەرز بکەیت ئێوە پێکەوە دەبنە بەرپرسی دانەوەی قەرزەکە.

## مزی داڕشتن

ڕاستەوخۆ ٣٠٠ کرۆن مزێکی داڕشتن لە قەرزەکە کەم دەکرێتەوە. بۆ قەرزی زیادە مزی داڕشتن ١٠٠ کرۆنە.

## ئایا پارەکە چۆن دەدەن؟

سی ئێس ئێن(CSN) قەرزەکە لە ڕێگای سویدبانک (Swedbank) دەدات. پارەکە دەکرێت بەکورتە پەیامی نەختی پۆستی بدرێت یان بکرێتە نێو حیسابی بانکت. ئەوە دەکرێت حیسابێک بێت لە سوێدبانک (Swedbank) یان لە بانکێکی دیکە. بۆ ئەوەی پارەکە بکرێتە نێو حیسابەکەت، دەبێت پەیوەندی بکەیت بە سوێدبانک *(Swedbank)* و بۆیان باس بکەیت پارەکە بکرێت نێو کام حیساب.

## ئایا کەی دەبێت قەرزەکە بدرێتەوە؟

ئەتۆ دەبێت دەست بکەیت بە دانەوەی قەرزەکە دوو ساڵ دوای یەکەم پارەدان. دانەوەی قەرزەکە لە بەینی ١ تا ٧ ساڵی پێ دەچێت ئەگەر ئەتۆ بە بەگوێرەی بەرنامەی ئاسایی پارەدان پارەکە بدەیتەوە.

## ئایا چۆن سوودی قەرزەکە حیساب دەکرێت؟

لە یەکەم پارەدان ڕاستەوخۆ دەست دەکەن بە حیساب کردنی سوودی قەرزەکە. سوودی قەرزەکە بۆ ئەو دوو ساڵانەی ئەوەڵ دەخرێتە سەر قەرزەکە ئەو ڕۆژەی کە ئەتۆ دەبێت دەست بکەیت بە دانەوەی قەرزەکە دوای دوو ساڵ. پاشان سوودی بەردەوامی قەرزەکە لەسەر قەرزە تازەکە حیساب دەکرێت. لە ماڵپەڕی www.csn.se دەتوانیت ببینیت سوودی قەرزەکە چەنێکە بۆ هەر ساڵێک. سوودی قەرزەکە لەلایەن حکومەت دیاری دەکرێت.

## ئایا ئەمن چۆن پارە بدەمەوە؟

دوای دوو ساڵ سی ئێس ئێن (CSN) ئەوەڵ قەبزەکانی پارەدان دەنێرێت. ئەتۆ ئاساییانە هەموو مانگێک قەرزەکە دەدەیت. ئەتۆ دەبێت چەنێک پارە بدەیت پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئەتۆ چەنێک پارەت قەرز کردووە. ئەگەر ئەتۆ لە کاتی دروست پارە نەدەیت ئێمە وەبیر هێنانەوەیەک دەنێرین.

## ئایا ئەمن دەتوانم پارەی زیاتر بدەمەوە؟

ئەتۆ دەتوانیت دەست بکەیت بە دانەوەی قەرزەکە لە ماوەی ئەو دوو ساڵانەی ئەوەڵ. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت پارەدانی زیادە بکەیت بۆ خێراتر دانەوەی قەرزەکە.

## ئایا ئەمن چی بکەم ئەگەر نەتوانم پارە بدەمەوە؟

ئەگەر ئەتۆ لەبەر ئەوەی داهاتێکی کەمت هەیە نەتوانیت پارە بدەیتەوە، دەتوانیت داوا بکەیت کە بۆت هەبێت پارەیەکی کەمتر بدەیتەوە (کەم کردنەوەی پارەدان) یان بۆت هەبێت پارەدانەکە دوابخەیت (پاشخستن). ئەوە گەورەیی بنەماڵەکەت و داهاتی ساڵانەتە کە بڕیار دەدات ئەگەر ئەتۆ بۆت هەیە پارەیەکی کەمتر بدەیتەوە یان پارەدانەکە دوابخەیت. بڕیارێک هەر کاتێک بۆ یەک ساڵ برەوی هەیە. سوودی قەرزەکە حیساب دەکرێت هەرچەن ئەتۆ پارە نەدەیت. لەبەر ئەوە قەرزەکە زیاتر دەبێت ئەگەر ئەتۆ پارەدانەکە دوا بخەیت. ئەگەر ئەتۆ لە سوید نەژیت یاسای دیکە برەوی هەیە بۆ پاشخستن. سی ئێس ئێن (CSN) دەتوانێت زیاترت بۆ باس بکات لەبارە ئەو یاسانە.

## ئایا دەکرێت قەرزەکە لا ببردرێت؟

قەرزەکە بە تەواوی لا دەبردرێت ئەگەر بە هەڵسەنگاندنی سی ئێس ئێن (CSN) ئەتۆ بۆ ماوەیەکی درێژ لە توانات نیت قەرزەکە بدەیتەوە. ئەوە دەکرێت لەبەر نەخۆشیەکی بەردەوام بێت یان لەبەر تەمەنی بەرز پێکەوە لەگەڵ داهاتی کەم. لە کاتی مردن قەرزەکە بە ئۆتۆماتیك لا دەبردرێت.

## ماڵپەڕی

لە ماڵپەڕی www.csn.se زانیاری زیاتر هەیە لەبارەی قەرزی ئامرازی ماڵ.

## ناونیشان گۆڕین

ئەگەر ئەتۆ لە نێوخۆی سوید بگوێزیتەوە دەبێت ناونیشانە تازەکەت بە تۆماری دانیشتوان ڕابگەیەنیت. ئەوە شتێکی باشە ئەگەر ئەتۆ ئەوە هەروەها بۆ سی ئێس ئێن (CSN) باس بکەیت. ناونیشانی تازە لە دەرەوەی وڵات دەبێت ڕاستەوخۆ بۆ سی ئێس ئێن (CSN) باس بکەیت. کارتی ناونیشان هەیە لای سی ئێس ئێن (CSN) بۆ داوا کردن.

## زانیاری زیاتر

زانیاری زیاتر لە لایەن سی ئێس ئێن (CSN) ڕادەست دەکرێت، قەرزی ئامرازی ماڵ، ٨٢ ٨٥١ سووندسڤال

ژمارەی تەلەفۆن: 0771-276 100

کاتی تەلەفۆن کردن: 12.00–9.00

ژمارەی تەلەفاکس: 060-18 60 06

پۆستی ئەلەکترۆنیکی:

hemutrustningslan@csn.se

ماڵپەڕ: www.csn.se

**ئەم پەڕی ڕاستیە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، کرمانجی، پشتۆ، فارسی، ڕووسی، سۆماڵی، سۆرانی، تیگرینیا. شیرکەتی سەمانتیکس بەرپرسی وەرگێڕانەکانە.**